# سەروتار

ئەم گۆڤارە کە زمانحاڵی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە، ئاوێنەیەك دەبێت بۆ هەموو خواست و حەزو خەونەکانی ئەو تێکۆشەرە گەورانەی کە ساڵانێکی تەمەنی پڕ تین و تەوژمی خۆیان بۆ داکۆکی لە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان تەرخان کردبوو، (چیا) کە بەرێزو حورمەتەوە لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا پشتی بۆ هەنگاوە بەجەرگەکانی پێشمەرگە دادەنەواند، ڕەنگە هێشتا شایستەی پڕ بە پێستی ئەوە نەبێ باڵای بە باڵای (پێشمەرگە) بگیرێ بەڵام چونکە هەمیشە چیاو پێشمەرگە دوو هاوڕێ و هاوسەنگەرو هاوخەمی لێك دانەبڕاوی یەکتر بوون هەر بۆیەش ئەو ناوەمان بۆ گۆڤارەکەمان هەڵبژارد.

پێشمەرگە دێرینەکانی سەردەمی ڕزگاری ووڵات لە هەرکوێیەك بووبن و لەسەر خاکی هەر ووڵاتێك سەر بەهەر نەتەوەیەك بووبن مێژوویەکی پڕ سەروەرییان بۆ خۆیان و نەوەکانیان تۆمارکردووە ئێستاش لە ووڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا بە چاوی ڕێزو پڕخۆشەویستیەکی لەبنەنهاتووەوە تەماشادەکرێن و ئەوانەی لە ژیاندا مابن هەموو پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ فەراهەم کراوە، ئەگەر لە ژیانیشدا نەمابن نەوەکانیان تاجی سەروەری ئەوانیان لەسەر ناوە. ئێستاش دوای تێپەڕ بوونی دەیەها ساڵ بەسەر سەر بەخۆیی و ئازادی ئەمەریکاو چەندین ووڵاتی دی نەوەی جەنگاوەرە دێرینەکانیان کۆمەڵێ ئیمتیازیاتیان هەیە بەیاسا بۆیان دابین کراوە، هەر لە وەرگیرانیان لە کۆلیژەکانەوە بگرە تا دابین کردنی خانوو و چارەسەری نەخۆشی و گەشتی ساڵانە، گومانیش لەوەدا نیە کە پێشمەرگە دێرینەکانی ئێمە هیچیان لەوان کەمتر نیە و شایستەی زۆر لەوە زیاتریشن، بۆیە دامەزراندنی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان لە ئان و ساتێکی گونجاودابوو ئێمەش ئومێدەوارین بتوانین بە هەموو لایەك پاداشتی ڕەنج و خەباتی بێ ووچانیان بدەینەوەو لەمڕۆ بەدواوەش ئەم گۆڤارەمان ئامێزی گەرمی بۆ هەموو ئەو سەربازە گومناوانە بکاتەوە وداخوازی و خولیاکانیان بگەیەنێتە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە جیاوازی بیرو ئایدۆلۆژیاو ئینتمای حیزبایەتی بەیەك چاو سەیر بکرێن هەر لەم ڕوانگەیشەوە بانگێشتی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەکەین ئەم گۆڤارە بەهی خۆیان بزانن و لە ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانیدا هاوکاریمان بکەن و سەربردە و یادەوەری و سەروەریەکانیان بگەیەننە ئێمە بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمانی پێ دەوڵەمەندتر بکەین.

**سەرنووسەر**